
# ڕازو گومان... بە تەنیا جێی مەهێڵن





ڕەفیق سابیر هەناسەیەکی درێژی شیعری کوردی، ئەو لەسەرەتاکانەوە بە دەنگێکی جیاواز دەستی پێکرد، ئەو جیاوازیەش جیاوازی شیعرو جیاوازی وێنەو جیاوازی زمان بوو، لە ئەزموونی زیاتر لە سی و پێنج ساڵەی نووسینی شیعری ڕەفیق سابیردا بایەخدان بە مرۆڤ چەقی ئیشکردنی ئەوبوە لە ناو شیعردا، بەجۆرێك کە زۆر جار گەیشتوەتە ئاستی واقیعیەتێکی ڕووت، ئەمە جگە لەوەی هەوڵدانێکی بەردەوام دەبینرێت لەلای شاعیر بۆ دروستکردنی ڕیتمێکی تایبەت بە خۆی کە سەرچاوەکەی بۆ شێوازی بیرکردنەوەی شاعیر دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لە (ڕوتبونەوەو کاروانسەراو وەرزی سەهۆڵ بەندان) دا شاعیر شۆڕ دەبێتەوە بۆ قوڵاییەکانی خود و بەرهەمهێنانی مانا، شیعرەکانی ئەو لە سەرەتاوە جۆرێك لە نیگەرانی و جۆرێك ئاڕاستەکردنیان پێوە دیاربوو، بە جۆرێك لە پێناسی (سوتان لە بەر باران و ڕێژنە) دا دەتوانین بڵێین ئەزموونەکانی ئەو ئەزوونی شیعرێکی تایبەتمەندن، کە لە دەنگێکی شیعریی تایبەتمەند دەچێت..

ڕەگەزێکی تریش زۆر جار باس دەکرێت کە پانتاییەکی زۆری شیعری ئەم شاعیرەیان داگیرکردوە، ئەویش غوربەت و مەنفایە، دیارە مەنفا لای شاعیر تەنها گەڕانەوە نیە بۆ هەستێکی ناوەکی و خۆ ونکردن لە جوگرافیایەکی ناشوێندا، هێندەی ئەوەیە مەنفا لای شاعیر بەرەڵاکردنێکی هونەریانەی بەرزە لە ئاستی زمان و تەکنیکی شیعرییدا، بە تایبەتیش لەو کاتانەی شاعیر هەست بە گەڕانەوەیەکی قوڵ دەکات لەجەستەی شیعریی خۆیەوە بۆ جەستەی نیشتمان..

ئەو ئەزموونانەی لەم قۆناغبەندیەی شیعری شاعیردا  لە دایکبوون هەڵگری جۆرێك لە لیریك و ریتمی مۆزیکین، رەنگە ئەمەش تاکە هۆکاربێت کە ئاوازێکی نووستووی لە ناودا بدۆزرێتەوەو بە ئاسانی بەدەستەوەبێت بۆ گۆرانیبێژان بۆ ئەوەی بیکەنە گۆرانی...

لە هەستی بە مەنفابونی شیعری ئەودا بنەمای سەرەکی لە دایکبوونی شیعرە وەك یەکەیەکی زمانەوانی ووەك گوتارێك کە لە ناخی کەسێکی مەنفیکراوی شیعریدا لە دایك بووە، ناکرێت لە دوو بەرگی 1000لاپەرەیی چەند دیوانە شیعردا بە تەنها ئەو رەگەزەی دنیابینی شاعیر ئاشکرابکرێت و سەرجەم لایەنەکانی تری وەك تەکنیك و گێرانەوەو بەکارهێنانی وشەدا پەراوێزبکەین و ئەزموونی شیعری ئەو تەنها لەو رەگەزەدا کورتبکەینەوە، ئەگینا پێش ئەو قۆناغە بە مەنفیکراوە شاعیر لە حەفتاکاندا و لە دیوانە شیعری (رێژنە) دا هەمان هەستی (مەنفا)یی لە خودا چەکەرەی کردبوو، کەرەنگە ئەمەیان لەو هەستی بە مەنفاییەی جەستەیی و جوگرافیەی ئەوروپاش گەورەترو جوانتربێت لە روی بینای شیعرەوە بە تایبەتیش هەر لەو دیوانە شیعریەی (رێژنە)دا و لە شیعری (ئاوێنە) دا کاتێك دەڵێت:

**ئاوێنەکەیان تیر بارانکرد**
**دوو چاو لە پارچە وردەکانەوە**
**دەڵێی ئەستێرەی دەمەو بەیانن**
**بۆ ئاسمانێکی روون و بەرینتر**
**بۆ وڵاتێکی هێمن دەروانن**




خاڵێکی تریش لەسەر ئەزموونی نووسینی رەفیق سابیر جێگەی لەسەر وەستانە، کە ئەویش رەفیق سابیر لە کۆتایی هەشتاکانەوەو بەدرێژایی نەوەدەکان وەك بیرمەند و لێکۆڵیارێك زیاتر ئیشیکرد، لەوبوارەشدا نووسینەکانی تایبەتمەندی خۆیان هەیەو جێگەی بایەخی خوێنەری کوردن.

ئەم چەند دێرەی ئێمە لەم رانانە بە تەنها نمایشکردنی دوا پرۆژەی شیعریی ئەو شاعیرەیە کە سەرجەم دیوانە شیعرەکانی لەم دوو بەرگەدا بە ناوی (بە تەنیا جێی مەهێڵن1 رازو گومان2) چاپکردوەتەوە، جگە لە کاری نەخشەسازی و کاری دیزاین کە لە ئاستێکی سەرنجراکێشدایە، ئەوەی نیگەرانی بۆ شاعیرو خوێنەر دروست دەکات هەڵەی چاپە، کە بەداخەوە ئەم هەوڵە گەورەیەی شاعیریش بێبەری نەبووە لەو ڤایرۆسە کوشندەیەی وشەو نوسین.